٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

# دەوڵەتی کوردستان

## ئاواتی هەموان



٢١٣

**ليستی پارتی ديموكراتی كوردستان**
**بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**
























## عەبدولڕەحمان سدیق

ئەمسال (٢٠١٤)، ڕێك (٥٠٠)ساڵ بەسەر جەنگی (چالدێران)ی ساڵی (١٥١٤)ی دابەشکردنی کوردستان لەنێوان سەفەوی و عوسمانیدا تێپەڕ دەبێت ، (١٠٠) ساڵیش بەسەر جەنگی یەکەمی جیهان ساڵی(١٩١٤)دا تێپەڕ دەبێت.

بۆیە بۆ ئێمەی کوردستانیان گرنگە لەبیری نەخشەڕێگەیەکی نیشتمانیدا بین بۆ گەیشتن بەئاواتی دێرینی گەلەکەمان لەسەربەخۆیی کوردستاندا.

نەخشەڕێگا یان (ڕۆد ماپ) بەزمانی ئینگلیزیی، زاراوەیەکە بۆ یەکەمجار لەساڵی(١٨٨٣)دا بەکارهاتووە، بریتییە لە: پلانێکی وردەکار، بۆ گەیشتن بەئامانجێك.

یان بریتییە: لەو ڕێنمایی و هاوپێچ و خشتەی کاتانەی سەرەتاو کۆتایی و، ئەو هەنگاوانەی کە یارمەتیمان دەدەن بۆ نیشاندانی ڕێگەی گەیشتن بە: باشترین بژاردە، کەمترین تێچوو، مسۆگەرترین ئەنجام.

نەخشەڕێگا یارمەتیمان دەدات لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە:

بۆچی ئەم باسە بەم شێوەیە بەڕێوە بچێت، نەك بەشێوەیەکی دیکە؟

بۆچی هەنگاوەکانی بەم شێوەیە داڕێژراوە نەك بەشێوەیەکی دیکە؟

هەر نەخشە ڕێگایەك (٣) بنەمای پێویستە:

١- ڕێککەوتن لەسەر ئامادەکارییە پێویستەکان.

٢- میکانیزمی ڕاگەیاندنی ناوەڕۆك.

٣- چوارچێوەیەکی گشتیی بۆ هەماهەنگیی بەرەوپێشچوونەکانی، ئەمەش لە(٣) لایەنەوە:

یەکەم: چالاکییە سەرەتاییەکان کە بریتییە لە زەمینەی پلانەکە، کە (٣)قۆناغی هەیە:

١- ڕوونکردنەوەی ئەو بارودۆخەی کە هەڵمەتی بانگەشە بۆ پلانەکە تێیدا کاردەکات.

٢- دیارکردنی چوارچێوەی کاری پلانەکە لەنەخشە ڕێگاکەدا.

٣- دیارکردنی سەرکردەیەك بۆ ئەم قۆناغە.

دووەم: بەرەوپێشچوونی پلانەکە لەکاتی جێبەجێکردنیدا کەبریتییە لە:

ناساندنی ئامانجە ڕاگەیەنراوەکە، شوێنەکەی، کاتەکەی.

سێیەم: بەدواداچوون، چونکە نەخشەڕێگا بەردەوامیی و دەستکاریکردنی تێدایە.

بۆیە پێویستە لەئێستاوە بۆردێکی نیشتمانیی پێك بهێنین، کە چالاکیی جۆراوجۆری تێدا ئەنجام بدرێت، بەمەبەستی:

١- خستنەڕووی هەموو ئەو کارەسات و نەهامەتییانەی تووشی کورد بوون لەماوەی سەدان ساڵی رابردوودا.

٢- خستنەڕووی زۆر لەو کتێب و بڵاوکراوە نێودەوڵەتیی و نێوخۆییانەی کە لەبارەی دابەشکردن و لکاندنی کوردستانەوە نووسراون تائێستا (بۆ نموونە سیاسەتوانی بەریتانی (تۆبی دۆچ) کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام، ماوەیەکی باش لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەبەغدا کاری کردووە، لەساڵی (٢٠٠٧)دا کتێبێکی نووسیوە بەنێوی (داهێنانی عێراق) یان (اختراع العراق)و، تیایدا دەڵێت: (ئێمەی بەریتانیی عێراقمان داتاشیی، ئەگەر نا لەمێژوودا شتێك بەناوی عێراقەوە نەبوو).

٣- شیکردنەوەی وردی ئەو بەندە یاساییانەی کە مافی بڕیاردانی چارەنووس بەگەلی کورد ڕەوا دەبینن، لەلایەن یاساناسانەوەو، لەگۆشە نیگای یاساییەوە.

٤- وروژاندنی ڕای گشتی بەریتانیی و فەرەنسیی و ئەمریکی لەبارەی ئەرك و بەرپرسیارێتی ئەخلاقیی و مێژووییان سەبارەت بەکوردو کوردستان.

٥- پێوەندییکردن بە باڵیۆزخانەو کونسوڵخانەی وڵاتانی بەریتانیاو فەرەنسا و ئەمریکاو رووسیا، لەعێراق و هەرێمی کوردستان بۆ هەمان مەبەست.

٦- خستنەڕووی ئەو دیکیۆمێنت و نووسین و شیعر و گوتارە کوردییانەی کە لەبارەی دابەشکردن و لکاندنی کوردستانەوە نووسراون، وەك هەڵوێست و ڕای دەستەبژێری کوردیی لەو سەردەمەدا.

٧- زۆر بابەتی دی کە دەکرێت کەسانی پسپۆڕ و شارەزای ئەم بوارە ئاماژەی بۆ بکەن.

هەموو ئەم کارانەو هاوشێوەکانیشی دەکرێت لە وەڵامی ئەو پرسیارە هەمیشەیی و بەردەوامە نزیکمان بخەنەوە کە بۆچی تائێستا دەوڵەتی کوردستان دروست نەبووە؟

زۆربەمان زۆرجار گوێبیستی ئەم پرسیارەی سەرەوە بووینە، کە لە ڕاستیدا زەحمەتە وەڵامێکی کۆنکریتی و تەواوی بۆ بدۆزینەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین هۆکارەکان زۆرن کە هەندێکیان ناوخۆیین و هەندێکیشیان دەرەکین.

هۆکارە نێوخۆیی و خوودییەکان هەرچەندە زۆر بن، دواجار دەتوانرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ئاماژە بۆ دیارترینیان

بکەین:
١- ناتەبایی و خودپەرستیی و ململانێ و پەرتەوازەبوونی بەرژەوەندییەکان.
٢- ناکاملّیی هەست و رۆشنبیریی نەتەوایەتیی.
٣- نەبوونی فەرهەنگی دەوڵەتداریی.
٤- ئامادەنەکردنــی زەمینــەی سیاســیی و ئابــووری کۆمەڵایەتی و ئایینیی لەبار بۆ پرسی دەوڵەت.
ســەبارەت بە هۆکارە نێودەوڵەتییەکانیش، دەتوانین بەلای کەمەوە ئاماژە بەم خاڵانە بکەین:
١- دەوڵەتانــی جیهان بــە بەرژەوەندیی کار دەکەن نەك بە ویژدان، بۆیە ئەوسا مەسەلەی ئەرمەن و جوولەکە زیاتر لە بەرژەوەندییان بووە هەتا مەسەلەی کورد.
٢- ئەم مەسەلە مرۆییانە لای ئەوان لە ڕووی سیاسییەوە تەماشا دەکرێت، بۆ نموونە، دارفۆر گرنگە چونکە ئەوان دژی ڕژێمی ســودانن، ئەمریکا لە دژی (ســربیا) دان بە (کۆســۆڤا)دا دەنێت، بەڵام لەبەر دۆســتایەتی لەگەڵ (جۆرجیا) دان بە ســەربەخۆیی (ئۆسیتا)دا نانێت، روسیا ریفراندۆم لەدوورگەی کریما بەڕەوا دەزانێت، بەڵام رۆژئاوا دژی ئەوەن.
بەڵام پرســیارە گەورەکە هێشتا ماوە، ئەویش ئەمەیە چۆن لەم ســەردەمی کرانەوەو بەیەکگەیشتنەی کوردو جیهاندا، ببینە بەشێك لەبەرژەوەندیی زلهێزانی سەردەم بەئاڕاستەی یارمەتیدان و پشتگیریی لێکردنمان بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان؟
بێگومــان فاکتەری دەرەکیی هۆکارێکی ســەرەکییە لەم ڕێگەیــەدا، بەو مەرجەی هەموومــان یەك دەنگ و یەك دەســت و یەك دڵ، بەســەرکردایەتیی و هاووڵاتییانەوە، لەدەوری بەرنامەیەکی کۆڕا لەسەر، کۆك بین.
بۆیە لێرەدا ئەوەی بۆ ئێمەی کورد گرنگە ئەوەیە کە:
١- پێکــەوە بین، لەیەکدی نزیك بین، کۆبین پەرت نەبین، بۆ ئەمەش وا پێویســت دەکات کە لەسەر ئاستەکانی هەر ســێ ســەرۆکایەتییەکەی هەرێم و ســەرۆکایەتی حزبە کوردســتانییەکاندا، بەرچاو ڕوونییەك هەبێت ســەبارەت بەئاڕاستەی ڕووداوەکان و، خۆ دوور بگرین لە(ستراتیژیەتی دوودڵیــی)و، ئامانجی ژمارە یەکمــان و یەکەم ئامانجی خۆمان دیار بکەین و، هەوڵەکانیشــمان لەپێناو گەیشــتن بەو ئامانجە چڕ بکەینــەوە، بە دۆزینەوەی ڕێگەیەك کە کەمترین زیانی هەبێت و، زۆرترین قازانجی بۆ کوردستان تێدابێت.
٢- لەســەر ئاســتی نێودەوڵەتییش ئێمەی کوردستانیان پێکــەوە خۆمان لەتای تەرازووی براوەدا بدۆزینەوەو، گرەو لەسەر ئەســپی دۆڕاو نەکەین و، بەپێچەوانەی ئاڕاستەی تەوژمی گۆڕانکارییە جیهانییەکــەوە مەلە نەکەین، لەم پێناوەشدا بەجیاوازیی ڕەنگەکانەوە دەتوانین چەپکە گوڵی خەبات و تێکۆشان دروست بکەین.


٢١٣

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق


















# دیڤید ئێڵ فلیپس

خاوەنی پرۆژەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە عێراقی نوێدا بۆ گوڵان:

# ئەم عێراقەی ئێستا لەبەریەک هەڵدەوەشێت و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دادەمەزرێت



٢١٣

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق




لــە ســاڵی ٢٠٠٢و پێش ئــەوەی رژێمی پێشــووی بەعس بڕووخێنرێت، پرۆفیســۆر دیڤیــد ئێڵ فلیپس، بە توێژینەوەیەك بەناونیشــانی (پرۆسەی دابەشكردنی دەسەڵاتەكان لە عێراقدا) بەشداری كۆنفرانسی دووەمی مەڵبەندی مســتەفا بارزانی بۆ ئاشــتی لە زانكۆی ئەمریكا لەواشنتۆن كرد، لەساڵی ٢٠٠٥ ئەم دیراسەتەی فراوانكرد و لــە ئامــۆژگای پەیوەندییەكانی دەرەوەی ئەمریكا بڵاوی كــردەوە بۆ ئەوەی دەســتووردانەرانی عێراقی و نێودەوڵەتی لە داڕشتنی پرۆسەی دەستووری عێراقدا سوودی لێوەربگرن، ئەم دیراسەتە وەك پرۆفیسۆر ریچارد هاس ســەرۆكی پێشووی ســتافی پلاندانان لە ئیدارەی كلینتۆن و ســەرۆكی ئێســتای ئامۆژگای پەیوەندییەكانی دەرەوەی ئەمریكا پێشــەكی بۆ نووسیوەو تیایدا ئاماژەی پێكردووە، تەنیا ئەگەر ئەم پرۆژەیە ببێتە بەشێك لە پرۆسەی داڕشتنی دەستووری عێراق، بتوانرێت یەكپارچەیــی وەك دەوڵەتێكی عێراقــی پێ بپارێزرێت، بەداخەوە ئەوەی ئێستا لە حكومەتەكەی مالیكی دەبینین، ئەوەیە بەتەواوەتی پرۆسەی دابەشكردنی دەسەڵاتەكانی دەستووری عێراقی پێشێل كردووە و بەرەو دیكتاتۆریەت مل دەنێت، بۆ قسەكردن لەسەر ئەم بارودۆخە هەستیار و ترســناكە، گوڵان بە پێویستی زانی ئەم وتووێژە لەگەڵ خاوەنی پرۆژەی دابەشــكردنی دەسەڵاتەكان لە عێراقی نوێدا بكات و بەڕێز پرۆفیســۆر داڤید فلیپس بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.




*** بەڕێزت وەك دیپلۆماتکارێکی ئەمریکی و ئەکادیمستێکی دیاری جیهان، خاوەنی دیراسەتی پرۆسەی (دابەشکردنی دەسەڵاتەکانن لە عێراقی نوێدا)، ئەم پرۆژەیەی ئێوە لە داڕشتنی دەستووری عێراق سوودێکی گەورەی لێوەرگیراوە و تەنیا ڕێگەیە بۆ مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی، بەڵام حاڵی حازر، حکومەتی عێراق تەواو پێچەوانەی پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتە کە لەدەستووری عێراقدا هاتووە، ئایا پێشێلکردنی پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان عێراق بەرەو کوێ دەبات؟**

- نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق، مەیلگەلێکی خۆسەپێنی مەترسیداری هەیە کە دەبێت بەرهەڵستی بکرێت و ڕەتبکرێتەوە، مالیکی لە زۆربەی ڕەفتارەکانیدا زۆری بە چەشنی سەددام حوسێن ڕەفتار دەکات، لەو ڕووەوە کە بە شێوەیەکی ناڕەوا و تاکڕەوی ئیرادەی خۆی بەسەر عێراقییەکاندا دەسەپێنێت، و هەڵدەستێت بە پێشێلکردنی ئەو مافە دیموکراتی و گشتیانەی کە-عێراقیەکان- خەباتێکی سەختیان بۆ کردووە. ئەو بە ناوی شەڕی تیرۆریزمەوە دەستووری لاواز کردووە، و لەم پرۆسەیەشدا، ڕوئیای هێنانەئارای کۆمارێکی فیدراڵی عێراقی تێکشکاندووە کە تێیدا دەسەڵات لە نێو هەرێمەکاندا دابەش بکرێت، کاتی گۆڕینی ڕژێمی مالیکی هاتووە لە عێراقدا، بەڵام ئەمجارە لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە.

*** بەرێزت ئاگاداری کە سەرۆك بارزانی بەر لەهەر سەرکردەیەکی دیکە بەر لە دووساڵ جیهانی ئاگادار کردەوە کە مالیکی بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت ملدەنێت و ئەگەر عێراق جارێکی دیکە بۆ دیکتاتۆریەت بگەڕێتەوە، ئەوا جارێکی دیکە کورد دیکتاتۆریەت قبوڵ ناکات و سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێت. ئایا پێتوایە جیهان پشتیوانی حکومڕانی دیکتاتۆری مالیکی دەکات؟ یاخود، جیهان هەڵدەستێت بە پاراستنی هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکی فیدراڵی و دیموکراتە؟**

- عێراق بۆتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو. پێش ئەوەی سەرۆك بارزانی پێویستی بەوە بێت جاڕی سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق بدات. عێراق لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە. ئەوکاتەش کوردستانی عێراق خەونە نەتەوەییەکانی خۆی بەدی دەهێنێت. بەشی دووەمی پرسیارەکەی ئێوە پەیوەستە بە پرسی دیکتاتۆریەتەوە. بە دڵنیاییەوە کەس خوازیاری دیکتاتۆریەت نییە لە عێراقدا. بەڵام هیچ هێزێکی دەرەکی ئامادە نییە ڕێگەی لێبگرێت. واشنتۆن پێی باشترە عێراقیەکان لەنێو خودی خۆیاندا ئەم پرسە چارەسەر و یەکلا بکەنەوە.

*** ئێوە ئاگاداری ناوەڕۆکی دەستووری عێراقن، بەپێی**

**ئەو دەستـــووورە هەرێمەکان مافی ئەوەیان هەیە خۆیان کاروبارەکانی پەیوەســـت بە کێڵگە نەوتیـــە تازەکانەوە بەڕێوە ببەن، و داهاتی نەوت و غازیش موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقە. بـــە بۆچوونی ئێوە ئایا ڕێگەگرتن و پێبەشـــکردنی کورد لەم مافە چەسپێنراوانە بە مانای ئـــەوە نایەت کە جارێکی دیکە کـــوردەکان ڕووبەڕووی دیکتاتۆریەت دەبنەوە؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە ڕەزامەندی بەغدا نییـــە بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی نەوت و غاز، ئەو کێڵگانەی لەدوای نووســـینەوەی دەستوور وەبەرهێنانی تێـــدا دەکرێـــت، چونکە بـــە پێی دەســـتوور هەرێمی کوردســـتان ئەو مافەی پێـــدراوە وەبەرهێنان لە کێڵگە تازەکاندا بکات، هەر بۆیە ئەگەر بەغدا بەرهەڵســـتی ئەم مافە دەستوورییەی کرد، ئەوا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان زۆر بە سادەیی ئەم بەرهەڵستیانە پشـــتگوێ بخات و درێژە بـــە ڕەوتی کارکردنی خۆی بدات کە خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی خەڵکەکەی خۆی دەگەیەنێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە سەروەری یاسایە.

*** هەندێك لەســـەرکردەکانی حزبەکـــەی مالیکی بە ئاشـــکرا ڕایانگەیاند کە ئەوان گرنگی بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردســـتان نادەن و بگـــرە داوای ئەوەیان کرد کورد لە بەغدا جیا ببنەوە. بە بۆچوونی ئێوە، ئایا ئەم کاردانەوەیە لە نیازێکی پاکەوە ســـەرچاوەی گرتووە و مالیکی ئامادەیە بە شێوەیەکی ئاشتیانە کێشە و پرسی جیابونەوە چارەسەر بکات، ئەویش لەڕێی گفتوگۆوە، یاخـــود ئەمە تاکتیکێکی دیکەیە بۆ ئەوەی خۆی لەم قەیرانەی ئێستا ڕزگار بکات؟**

- ئاشـــکرایە مالیکی دەیەوێت ئۆباڵی دروســـتبوونی کێشـــەکانی لە عێراقـــدا بخاتە ئەســـتۆی کورد. لە ڕاســـتیدا، دەبێت خودی مالیکی خۆی بەرپرســـیاری قەیرانی ئێســـتای عێراق هەڵبگرێت. ئەو هەڵوێستی ڕووبەڕووبوونـــەوەی گرتەبەر، ئەمە لـــە کاتێکدا ئەو مافەکانی کورد پێشێل دەکات. مالیکی خۆی ئۆباڵی کێشەکانی عێراق هەڵدەگرێت.

*** لـــە حاڵەتێکدا ئەگـــەر بەغدا ویســـتی هەرێمی کوردستان لە عێراق جیاببێتەوە، و هەرێمی کوردستانیش ئەم ڕێگایەی بە هەنگاوێکی ئیجابی لە قەڵەمدا، ئایا چۆن سیاســـەتی نێودەوڵەتی پێشوازی لە ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا دەکەن بۆ دابەشکردنی عێراق؟**

- یاســـای «Helsinki Final Act»کە لە ســـاڵی ١٩٧٥دا دەرچوو، کۆمیسیۆنی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا دامەزراند، و بنەماگەلێکی نێودەوڵەی دامەزراند کە پەیوەســـت بوون بە ســـەروەری و دابەشـــکردنەوە.


٢١٣

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق


















٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

**عێراق لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە. ئەو کاتەش کوردستان خەونە نەتەوەییەکانی خۆی بەدی دەهێنێت**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە ڕەزامەندی بەغدا نییە بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی نەوت و غاز، ئەگەر بەغدا بەرهەڵستی ئەم مافە دەستوورییەی کرد، ئەوا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە سادەیی ئەم بەرهەڵستیانە پشتگوێ بخات**

**پێویستە ئەمریکا هاوکاری بۆ کورد و هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکات، چونکە ئەوان باشترین و تاکە دۆستی ئەمریکان لە عێراقدا**

**هەرگیز عێراق دەوڵەتێکی شەرعی نەبووە. عێراق دروستکراوێکی کۆلۆنیالی بووە و هەمیشە دەوڵەتێکی ناشەرعی بووە و کێشەی عێراقیش بریتی بووە لە مەرکەزیەتێکی زیاد لە پێویستی دەسەڵات**

**نوری مالیکی مەیلگەلێکی خۆسەپێنی مەترسیداری هەیە و دەبێت بەرهەڵستی بکرێت و ڕەتبکرێتەوە، لە زۆربەی ڕەفتارەکانیدا لاسایی سەددام حوسێن دەکاتەوە**

**کاتی گۆڕینی ڕژێمی مالیکی هاتووە لە عێراقدا، بەڵام ئەمجارە لە ڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە**

سەروەری لە ڕێککەوتنەکەدا چەسپێنرا. بەڵام لە هەمان کات پەیماننامەکە ئەوەی چەسپاند کە دەوڵەتەکان دەتوانن لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی دوولایەنە و لەڕێی پرۆسەیەکی ڕێك و پێکەوە ڕێگاچارەی دابەشبوون هەڵبژێرن. جیابوونەوەی چیك و سلۆڤاکیا نموونەیەکی باشە لەم ڕووەوە. گومانی تێدانییە کە سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق پێویستی بە هاوکاری دەوڵەتە دراوسێکانی هەیە. تورکیا زۆرترین دەستکەوتی دەبێت لە بوونی کوردستانی عێراق وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری و سەقامگیر. بۆ ئەوەی پەرە بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی بدات، بۆیە پێویستە تورکیا پرۆسەی سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق بەڕێوە ببات. هەروەها پێویستە زەمانەتی ئەمنیەتی بکات. دەکرێت ئەم سیناریۆیە لە دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی تورکیاو بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوون لە دەستەبەرکردنی مافگەلێکی سیاسی و کەلتوری راستەقینەوە بۆ کوردەکانی تورکیا ڕووبدات.

*** ئەو خاڵەی بەلای هەمووانەوە جێی سەرسوڕمانە بریتییە لە سیاسەتی ئەمریکا کە نە توانای ئەوەی هەبووە لەڕێی دیالۆگەوە قەیرانی عێراق چارەسەر بکات و نە زەمینەی سازکردووە بۆ ئەوەی عێراق دابەش بێت. بە تێڕوانینی ئێوە، ئایا ئەمریکا دەیەوێت چ عێراقێك ببینێت؟ ئایا عێراقێکی لەبەریەك هەڵوەشاوەی دەوێت کە مایەی مەترسی بێت بۆ تەواوی ناوچەکە؟**

- ئیدارەی ئۆباما دەیەوێت عێراقیەکان لەڕێی پەنابردنەبەر گفتوگۆی سیاسیەوە جیاوازیەکانی خۆیان یەکلا بکەنەوە. سەرۆك ئۆباما تەواو سەرقاڵە بە کێشەی ئەفغانستان و کێشەی سوریا و هەروەها دەستدرێژی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرانیاوە. عێراق ئەولەویەت نییە بەلای ئەمریکاوە. ئەمریکا دەستی لە دەستڕۆیشتوویی خۆی هەڵگرت کاتێك لە ڕێککەوتنی باری هێزەکان دوور کەوتەوە. لەبری فرۆشتنی چەك بە بەغدا، پێویستە ئەمریکا هاوکاری بۆ کورد دەستەبەر بکات، چونکە ئەوان- هەروەك ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە ئاماژەم پێکردووە- باشترین و تاکە دۆستی ئەمریکان لە عێراقدا.

*** ئەگەر لە بارودۆخی ئێستای عێراق بڕوانین کە ئێستا بەرەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان هەنگاو دەنێت، ئەوا سەرەڕای ئەوەی حزبەکەی مالیکی هەڵدەستێت بە سەرکوتکردنی رکابەرەکانی، ئەوا توندوتیژیەکی تائیفی توندیش لە ئارادایە. ئایا بە تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەك لە سایەی ناکۆکی سیاسی ناوخۆدا هەڵبژاردن دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دیموکراسی؟**

- وا بڕیارە هەڵبژاردنەکان ئامرازێك بن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان، و دەرفەتێك بن بۆ ئەوەی خەڵکی دەنگی خۆیان بگەیەنن و دەسەڵات لە نێوان گرووپەکاندا دابەش بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دیموکراسی تەنیا لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانــدا کورت نابێتەوە. بەڵکو پێویســتی بە دامەزراوەگەلێك هەیە کە لە ئاســتی بەرپرســیارێتیدا بن و هەروەها پێویســتی بــە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاك هەیە کە داوای شــەفافیەت لە سەرکردەکانی بکات. عێراق خاوەنی دامەزراوەگەلێکی دیموکراســی نییە و بە دەست بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لاوازەوە گرفتارە. لەوەش زیاتر، ســەرکردایەتی ئێستای عێراق خیانەتیان لە خەڵکی عێــراق کردووە. ئەمەش مایەی نائومێدیەکی قووڵە بۆ ئــەو ئەمریکیانەی کە بینیان وڵاتەکەیان قوربانیەکی زۆریدا بۆ هێنانەئارای ئازادی لە عێراقدا.

*** لە کۆتاییدا، دەمانەوێت پرســیاری ئەوە لە بەڕێزتان بکەین: ئایا بارودۆخی ئێستای عێراق چۆن دەبینیت، کە لە هەل و مەرجی ئەوەدایە بەرەو هەڵبژاردن دەچێت و ئایا پێشبینی ئێوە چییە بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان؟ ئایا چۆن کورد دەتوانن بەردەوام بن لە عێراقێکدا ئەگەر مالیکی دووبارە هەڵبژێردرایەوە و هەمان ئەو پۆستەی ئێستای گرتەوەدەســت. ئایا پەیامی ئێوە بۆ خەڵکی ئێمەچییە و راســپاردەی ئێوە بۆ سەرکردایەتی ئێمەش چییە؟**

- من پێشبینی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ناکەم. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم ئەوە بڵێم کە هەرگیز عێراق دەوڵەتێکی شەرعی نەبووە. عێراق دروستکراوێکی کۆڵۆنیاڵی بووە و هەمیشە دەوڵەتێکی ناشەرعی بووە. هەمیشە کێشەی عێراق بریتی بووە لە مەرکەزیەتێکی زیاد لە پێویستی دەسەڵات. دەستووری ســاڵی ٢٠٠٥ وەك چارەسەرێك بۆ ئەم دەردە داڕێــژرا، ئەویش بە بەدامەزراوەییکردنی تەرتیباتی دابەشکردنی دەسەڵات. بەڵام عێراقی مالیکی بەردەوام نابێت. بەڵکو چارەنووسی لەبەریەکهەڵوەشاندنەوە چاوەڕوانی دەکات، ئەمەش دەبێتە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بــۆ عێراقییەکان بۆ خەباتکــردن بۆ مافەکانیان بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس. پێویستە عێراقییەکان رازی بن لەسەر پرۆسەیەك بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆی سیاسی ئینتیقالی لە وڵاتەکەدا.

٢١٣

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق


















٧٦
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

## موحسین دزەیی:

# دەنگی منیش وەک هەولێرییەکان هەر بۆ (پارتی) و (بارزانی)یە

# من هەر دەنگ بە نەوزاد هادی دەدەم ئەگەر سەفینی کوڕیشم کاندید بێت

# ٢١٣


## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق





























پیاوێک شاهیدی زیاتر لە ٧٥ ساڵی مێژووی هاوچەرخی هەولێرە، ئەو جوامێرە جەنابی کاک موحسین دزەیی-یە، ئەم سەرکردە دیارەی هەولێر و کوردستان لەبەشێکی ژیانیدا هاوەڵی جەنابی بارزانیی نەمر و نوێنەری سەرۆک مسعود بارزانی بووە، ئەم کەسایەتییە دیارەی هەولێر بەمجۆرە پێوەندیی نێوان هەولێر و بارزانیی نەمر و هەولێر و پارتی و سەرۆک مسعود بارزانی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە.







((من خەڵکی دەشتی هەولێرم و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٨ هاتوومەتە قوتابخانەی ئەربیل ئولای هەولێر، جـــاران هەولێر یەک جادەی هەبوو کە لە کەرکوکەوە بەرەو موسڵ دەچوو، بەبیرم دێت لە ١٩٤٧ ئەو کاتە لە پۆلی دووەمی ناوەندی بووم کە سەرژمێریی گشتی لە عیراق کرا، ئەوکات منیان  بە نووســەر تۆمارکرد، لەو سەرژمێرییەدا ژمارەی دانیشتوانی هەولێر ٣٩ هەزار کەس بوو، لە ســەرژمێریی ســاڵی ١٩٥٧دا ژمارەکە بوو بە ١٠٠ هەزار کەس)).


٢١٣

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق


٧ خسرو مرشد بدیع محمد
خسرو مرشد سورچی


٨ جمیل ادم عمر الشرفانی


٩ شەپاڵ حسین رەمەزان سەقەر
شەپاڵ کۆچەر


١٠ رێناس جانۆ محمد یونس


١١ سرحان احمد سرحان ملك
حاكم سرحان سليفاني


١٢ شیرین عبدالرحمن دینو پیری
شیرین عبدالرحمن السندی



((من وەک خۆم لە ساڵی ١٩٦٣ پێوەندیم بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کرد، بەڵام خەڵکی هەولێر هەر لەشۆڕشـــی بارزانەوە پشتگیریی بارزانیی نەمریان کردەوە و لەشۆڕشی ئەیلوولیشدا پشتگیری بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانیان دەکرد و کاتێک لەسەرەتای شەستەکان پێشمەرگەکانی ئەیلوول دەهاتنە ناو هەولێر و چالاکییان ئەنجام دەدا و خەڵکەکەش زۆر هاوکارییان دەکردن، هەرچەندە ئەو کاتە حزبی بەعس تازە دەســەڵاتی گرتبووە دەســت و زۆر بە وردیی چاودێریی بارودۆخی شــارەکەیان دەکرد، بەڵام خەڵکی شــاری هەولێر زۆر بە ڕێزەوە سەیری شۆڕش و بارزانییان دەکرد، هەولێرییەکان بارزانیی نەمریان بە پێشەواو سەرکردەی هەموو کورد دەزانی و شانازی ئەوەیان پێوە دەکرد کە رزگارکەری هەموو کوردستانە)).

# ٢١٣

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

جەنابـــی بارزانیی نەمر بـــۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٤٤ســـەردانی هەولێری کرد، ئەوکات مـــن قوتابی بووم لە قوتابخانەی ئەربیل ئولا کـــە خوێندن تیایـــدا زیاتر بە کـــوردی بوو، ئێســـتا ئەو قوتابخانەیە بۆتـــە مۆزەخانەی پـــەروەردە بەرامبـــەر یانـــەی فەرمانبەرانی جاران، لـەم ســـەردانەیدا بارزانیی نەمر هاتە گوندی باداوەی مەلافەندی کە کەسایەتییەکی ناسراو بوو لەسەر ئاستی شارەکەو کوردستان و هەموو عیراق، باداوەش ئەوســـا لە شاری هەولێرەوە دوور بوو، سەردانی بارزانیی نەمر بۆ باداوە بۆ سەرەخۆشـــی بوو لە عیزەدینی مەلافەندی و بنەماڵەی مەلافەندی کە ســـاڵی پێشتر کۆچی دوایی کردبوو، لـەم سەردانەیدا بارزانـــی چەند رۆژێک لـــە هەولێر مایەوە، رۆژێک بە بەردەمی قوتابخانەی ئێمە رەتبوو، ئێمەش لەگەڵ مامۆستاکانمان هاتینە دەرەوەو بە خۆشییەوە سەیرمان دەکرد)).

من لە بەرگی دووەمی کتێبەکەم(یادگاریەکانم) نووســـیومە کـــە پارتـــی و بارزانـــی لێـــک جیاناکرێنەوە، سەبارەت بە هەولێریش من بە دڵنیاییەوە دەڵێـــم: خەڵکی هەولێر زۆربەیان لایەنگری رێبازی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردســـتانن، هەمیشە پشـــتگیریی پارتی و سەرۆک مسعود بارزانی دەکەن)).





















٧٦✓

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان



# ٢١٣

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق















((ئێستا هەولێر زۆر گۆڕاوە، ئەوەی بەر لە چەند ساڵێک هاتبێتە هەولێر و ئێستا سەردانی بکات ئەو شارە ناناسێتەوە، من زۆر گوێم لە بیانییەکان بووە کە ستایشی پێشکەوتن و ئاوەدانیی هەولێر دەکەن، دیارە رۆڵی سەرۆک مسعود بارزانی لەبەرچاوە لە پشتگیری کردنی ئەو کەسانەی کە خزمەتی شاری هەولێر دەکەن، سەبارەت بە نەوزاد هادی کە پارێزگاری شارەکەیە جێ پەنجەی دیارو روونە لە خزمەتکردنی شارەکە، ئەو پێشکەوتن و پەرەپێدانەی لە چەند ساڵی رابردوو لە هەولێر دەیبینین، لە چوارچێوەی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە ئەرک و ماندووبوونی ئەو لێهاتووە هاتۆتەدی، رۆڵی ئەو پیاوە تەنیا لە خزمەتکردنی شاردا نییە، بەڵکو تێکەڵیی لەگەڵ خەڵک و بەشداریکردنیان لە خۆشی و ناخۆشییەکانیاندا مایەی رێزو پێزانینە، دەنگی من بۆ پارتی و بارزانییە، ئەگەر سەفینی کوڕیشم کاندید بێت من هەر دەنگ بە نەوزاد هادی دەدەم ((داوا دەکەم ئەوانەی خزمەت بە کوردو کوردستان دەکەن دەنگ بدەن بە کاندیدانی لیستی ٢١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و لیستی ٧٦ بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان)).



٧٦
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

## کاکەمین نەجار

**بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر:**

# ئەو پێشکەوتنەی ئێستای هەولێر بەرهەمی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانە



٢١٣

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق




# دەنگ بدەن بە لیستی ٧٦ بۆ ئەوەی ئایندەتان گەشاوەتر بێت

سەبارەت بە بایەخ و گرنگی هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەرێز کاکەمین نەجار بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی لە گرنگی و بایەخی ئەم هەڵبژاردنانە کرد.




((ئێستا لە هەڵمەتی دوو هەڵبژاردنی گرنگداین، کە ئەوانیش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە، ئەم دوو هەڵبژاردنە هەردووکیان بۆ کوردستان چارەنووسسازن و پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەباشی بۆ هەردووکیان ئەنجامداوە، لەبەر ئەوەی هەریەك لەو دوو هەڵبژاردنە بایەخی خۆی هەیە، ئێمەش وەك سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر، ئامادەباشیمان بۆ هەردوو هەڵبژاردنەکە کردووە و، هیوادارم خەڵکی هەولێر زۆر بە فراوانی بەشداری ئەم دوو هەڵبژاردنە بکەن، بۆ ئەمەش داوایان لێدەکەم هەموویان سەردانی بنکەکانی وەرگرتنەوەی کارتی ئەلکترۆنی بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری دەنگدان بکەن و ئەوەی کارتی ئەلکترۆنی پێ نەبێت مافی دەنگدانی نابێت، دەنگەکەی دەفەوتێت، ئەوجا بۆ ئەوەی دەنگی هیچ هاووڵاتییەك نەفەوتێت، داوا لە یەکە یەکەی خەڵکی بەشەرەفی هەولێر دەکەم هەموو بچن کارتە ئەلکترۆنییەکانتان وەربگرنەوە، بۆ ئەوەی بەشدار بن لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانتان بەگشتی و نوێنەرانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بە تایبەتی.

ئێمە وەك سەرکردایەتیی هەولێر ئومێدمان ئەوەیە لە هەردوو هەڵبژاردنەکەدا زۆرینەی دەنگەکانی پارێزگای هەولێر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدرێت، لە هەمان کاتدا زۆر لامان گرنگە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر لە (٥٠٪+١)ی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگا بەدەست بهێنین بۆ ئەوەی دووبارە دانانەوەی پارێزگار و رێکخستنەوەی ئەنجومەنی پارێزگا بە ئاسانی بەرێوە بچێت و رووبەرووی موزایەداتی سیاسیی نەبینەوە، پرۆسەی حکومڕانیی هەولێر پاش نەکەوێت، لەبەر ئەوەی هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە و لە ئێستادا خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی ببێتە پایتەختی دەوڵەتی کوردستان.

خاڵێکی دیکە کە دەخوازم ئاماژە بە گرنگیی ئەنجومەنی داهاتووی پارێزگاکان بدەم، ئەوەیە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە چوارچێوەی یاسا تازەکەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت، لەم یاسا تازەیەشدا دەسەڵاتێکی هێجگار زۆر دراوەتە ئەنجومەنی پارێزگاکان و لەسەر ئاستی ئەنجومەنی پارێزگاکان بودجە دیاری دەکرێت، هەروەها قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان و بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری گشتی پارێزگاکان دیاری دەکرێن، بۆیە هاووڵاتیانی هەولێر دەبێت ئەو راستییەیان لەبەرچاو بێت کە ئەنجومەنی داهاتووی پارێزگا چالاکتر دەبێت و دەسەڵاتەکانیشی لە ئەنجومەنی ئێستا زیاتر دەبێت،







هــەر بۆیە ئەگــەر پارتی دیموكراتی كوردســتان لە چوارچێوەی یاســا كۆنەكەی ئەنجومەنی پارێزگاكان توانیبێتی بەو ئاستە خزمەتی پارێزگای هەولێر بكات، ئەوا لە ئەنجومەنی داهاتووی پارێزگا دەتوانێت كاروانی پێشكەوتن و ئاوەدانی پارێزگای هەولێر زۆر زیاتر بەرەو پێشەوە ببات.

بۆیــە ئێمــە وەك ســەركردایەتیی هەولێــری پارتی دیموكراتی كوردستان بە خەڵكی هەولێر دەڵێین، لەگەڵ ئەوەی ئەنجومەنی پێشــان بە هاوتای ئەم ئەنجومەنە تازەیەی كە لە ٣٠ی نیسانی داهاتوو دەنگی بۆ دەدەن هێندە چالاكیش نەبووە، بەڵام بزانن لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوو و لــە چوارچێوەی جێبەجێكردنی بەرنامەكانی پارتی دیموكراتی كوردســتاندا چ خزمەتێكی گەورە بە شــاری هەولێر و تەواوی قــەزاو ناحیە و تەنانەت گوندە دوورە دەستەكانی ســەر سنووریش كراوە، پشت ئەســتوور بــەو خزمەتگوزاریانەی پێشــكەش كراون دەتوانین راشــكاوانە بڵێین لە حاجــی ئۆمەرانەوە تا دەگاتە قــەراج و كەندیناوە، ئەوەی بــۆ هەولێر كراوە پارتی دیموكراتی كوردستان كردوویەتی، راستە لەوانەیە هەندێك كەموكورتیش هەبێت یان لە ئاستی خۆزگە و ئاواتەكانی پارتی دیموكراتی كوردســتاندا نەبووبێت، بەڵام لە دید و بەرنامەی پارتی دیموكراتی كوردستاندا



هەولێر و هەولێرییەکان شایستەی خزمەتگوزاریی باشترن، هەر بۆیە لە بەرنامەی ئەمجارەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێردایە، هەموو ئەو لایەنانەی کەموکورتییان هەیە دەستنیشانکراون و دیاریکراون بۆ ئەوەی لە خولی داهاتوو چارەسەر بکرێن..

• سەبارەت بە پارێزگای هەولێریش، بێگومان بەردی بناخەی هەموو ئەو پێشکەوتنانەی لە هەولێر هاتوونە دی، بەرهەمی ئەو ئارامی و سەقامگیرییەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان توانیویەتی بۆ هەولێری دەستەبەر بکات و لە تەواوی پارێزگاکانی عێراق جیای بکاتەوە و ببێتە هۆکاری ئەوەی زیاتر لە ٢٥ دەوڵەت کونسوڵخانەی خۆیان لە هەولێر بکەنەوە و بەسەدان کۆمپانیا و بزنسکار رووبکەنە هەولێر و وەبەرهێنان بکەن و پرۆژە جێبەجێ بکەن.

• ئێستا ئاست و رێژەی ئەو کارەبایەی لە هەولێر بەرهەم دەهێنرێت، لە هیچ کام لەشارەکانی دیکەی عێراق بوونی نییە، تەنانەت لە پارێزگای هەولێردا دوورترین گوندی سەرسنوری ناوچەی سیدەکان






کارەبای گەیشتۆتێ و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و ڕێگاو بانی بۆ دروستکراوە.

- دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوە لەناو شاری هەولێر بە تەواوەتی چارەســەر کراوە، بە هۆی فراوانبوونی لە رادەبەدەری شــاری هەولێر ئێستا پارێزگای هەولێر لە هەوڵی دروســتکردنی هێڵی چوارەمی ئاوی ئیفراز و فراوانکردنی ئاوی ئیفرازی ٣یە، بەمەش تا ٢٥ ساڵی دیکە هەولێر کێشــەی ئاوی پاکی خواردنەوەی نابێت، لەســەر ئاســتی قەزاو ناحیە و تەنانەت گوندەکانیش کێشەی ئاوی خواردنەوە چارەسەرکراوە و هەر هەمووی پرۆژەی ئاویان بۆ کــراوە، هەندێکیان تەواو بوون وەك پرۆژەی ئــاوی مێرگەســۆر و بێخاڵ و شــەقڵاوە مەسیف، چۆمان، ئەوەی دیکەش لە قۆناخی جیاوازی جێبەجێکردندان.
- ئاســتی ڕێگەو بان بێجگە لەوەی ڕێگە بۆ دوورترین گوندی سەرســنور دروســتکراوە، ئێســتا گەورەترین پرۆژەی ڕێگەی دووســاید کە حــەوت تونێلی تێدایە ناوەندی شــاری هەولێر دەبەستێتەوە بە مەرزی حاجی ئۆمەرانەوە و ئەم پرۆژەیــە زیاتر لە ٪٦٠ی کارەکانی تەواو بووە.
- لە هەولێر دووەمین فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر کراوەتــەوە، ئەم فڕۆکەخانەیە بە ئاســتی فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکانی جیهانە، هەروەها لەدهۆکیش پرۆژەی فڕۆکەخانەیەك ئێستا لەژێر جێبەجێکردندایە.
- لەهەولێر بەرەوپێشــەوەچوونێکی گەورەی بازرگانی دروســت بووە کە بێجگە لە کۆمپانیاو بزنســکارانی وڵاتانــی دەوروبەر وەك ئێران و تورکیــا کە لە هەولێر کاری وەبەرهێنان دەکەن، بەسەدان کۆمپانیا و بزنسکاری وڵاتانی جیهان ئێســتا لە هەولێــر کاری وەبەرهێنان دەکەن.
- لەڕووی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی نیشــتەجێبوون بۆ چارەسەری کێشەی نیشــتەجێی هاووڵاتیان، بێگومان هەموو لایەك دەزانێت پرۆژەکانی دروستکردنی یەکەی نیشــتەجێبوون لە هەولێر زۆر فراوانە و بەدەیان هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەم چەند ساڵە دروستکراوە، تەنیا لە پارێزگای هەولێر هێندەی هەردوو پارێزگای دهۆك و ســلێمانی پرۆژەی نیشتەجێبوون دروستکراوە. لەسەر ئاســتی پارێزگای هەولێر دەستکراوە بە دروستکردنی پرۆژەی یەکەی نیشــتەجێ بــۆ هاووڵاتیانی کرێچی و کەمدەرامــەت، ئەم پرۆژەیە لــە ئەنجومەنی تازەی پارێزگای هەولێر فراوانتــر دەبێت و ئامانجمان ئەوەیە هیــچ هاووڵاتییەك لە هەولێر نابێــت خاوەنی یەکەی نیشتەجێی خۆی نەبێت.



٧٦
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان





- هەولێر بێجگە لەوەی پایتەختی کوردستانە و ئەو هەموو نوێنەرایەتییەی وڵاتان و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستانی لێیە، لە هەمان کاتدا هەولێر بۆتە شوێنی حەوانەی دەیان هەزار هاووڵاتی کریستیان و عەرەب و تورکمان کە لە شارەکانی دیکەی عێراق لەبەر باری نائارامی هاتوونە هەولێر و ئێستا لە هەولێر نیشتەجێبوونە.
- هەولێر نزیکەی ٣٠٠ هەزار ئاوارەی لێ نیشتەجێیە کە بەشێکی زۆریان براکانمان لە رۆژئاوای کوردستان، هەروەها هەولێر خەڵکی هەموو هەرێمی کوردستانی لێیە، خەڵکی باکووری کوردستان و رۆژهەڵاتی کوردستان و تەواوی شارەکانی دیکەی کوردستانی لێ نیشتەجێیە.
- سەبارەت بە کێشەی دۆزینەوەی هەلی کار، لەگەڵ ئەوەی لە هەولێر زیاتر لە ٣٠٠ هەزار ئاوارەی لێیە و هەموویان کاردەکەن، بەڵام تارادەیەکی زۆر باش لە هەولێر کێشەی بێکاری نییە و هەموو کەس هەلی کارکردنی بۆ فەراهەم کراوە.
- هەولێر هەر چوار پارچەی کوردستان و عێراقێکی بچکۆلەیە، لەبەر ئەوەی هاووڵاتیانی هەرچوار پارچەی کوردستان و تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان و عێراقی بە عەرەب و کورد و تورکمان و کلدۆئاشوری و ئەرمەن و سابیئەی لێ نیشتەجێیە، هەموو ئەم پێکهاتانە مافیان پارێزراوە و هیچ جیاوازیەك بوونی نییە، ئەگەر سەیری شارۆچکەی عەنکاوە بکەین کە ئێستا بۆتە گەڕەکێك لە



هەولێر، بارودۆخی برا كریستیانەكان زۆر لە هاووڵاتیانی كوردی هەولێر باشترە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە پارتی دیموكراتی كوردستان زامنی مافی هەموو هاووڵاتییانە بە جیاوازیی نەتەوەو ئایینەوە.

- ئامانجمـــان ئەوەیـــە هەولێر لـــە پایتەختی هەرێمی كوردســـتانەوە، پشـــت بەخوا ببێتە پایتەختی دەوڵەتی كوردستان.

لـــە دووماهیدا روودەكەمـــە خەڵكی هەولێـــر و پێیان دەڵێـــم، هەولێرییەكان دەنگ بە لیســـتی ٧٦ی پارتی دیموكراتی كوردستان بدەن بۆ ئەوەی كاروانی ئاوەدانی و پێشـــكەوتنی هەولێر بەردەوام بێت، بەرنامەی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای داهاتوو ئەوەیـــە، دەبێت ئیـــدارەی پاریـــزگای هەولێر ئیدارەی خزمەتگوزاریی خەڵكی بێـــت، دەبێت هەولێر لەهەموو بوارەكانی تەندروستی، قوتابخانە و ڕێگاوبان و كشتوكاڵ و ئاوەدانكردنەوە و تەواوی سێكتەرەكانی خزمەتگوزاریی زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت، ئاسایش و سەقامگیریی زیاتر بێت بۆ ئەوەی پێكەوە ژیان و لێبووردەیی كە خەسڵەتی سەرەكی هەولێرییەكانە هەر بەردەوام بێت..

داوا لەهەموو هەولێرییەكان دەكـــەم، دەنگتان ئایندەتان دیـــاری دەكات و دەنـــگ بدەن بە پارتـــی دیموكراتی كوردســـتان، لەبەر ئەوەی پارتی ســـەلماندوویەتی كە دەتوانێـــت خزمەتی هەولێر و كوردســـتان بكات، پارتی خاوەنی ئەزموونێكی سەركەوتووە، بۆیە دەنگ بدەن بە ئەزموونێكی سەركەوتوو.


٢١٣


لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

# لە بیرتانە؟



٢١٣

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق





















٧٦
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان





٢١٣

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

لە بیرتانە پێش بڕینی مووچە شەڕی بڕینی سووتەمەنییان پێ دەفرۆشتین.

لە بیرتانە پێش ئەوەی کوردستان ببێتە خاوەنی پاڵاوگەی خۆی و پێداویستییەکانی سووتەمەنی وەک نەوت و بەنزین و گاز دابین بکات، دیمەنی نۆرەی دوور و درێژی ئۆتۆمبێل و دەبەی هەڵچنراو لە ڕۆخی شەقامەکانی شارەکانی کوردستان چۆن چۆنی بوو؟


لەبیرتانە ڕۆژنامەکانی ئۆپۆزسیۆنی دوێنێ و بەناو میدیای ئازاد تەنیا بە ڕووماڵکردنی ڕووکارییانەی دەرەوەی کێشەکانەوە خەریک بوون، تانەو توانجیان ئاراستەی حکومەتی خۆیان دەکرد، بەوەی گوایە بە هاوین نەوت بەسەر هاووڵاتیان دابەش دەکات؟

لە بیرتانە کێشەی کەمیی سووتەمەنی تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەبوو، لە شارەکانی دیکەی عێراق کێشەیەکی وەها بوونی نەبوو؟









٧٦
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان





٢١٣

## ليستی پارتی ديموكراتی كوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



















لە بیرتانە کە یەکەمین وێستگەی کارەبا لە هەولێر دامەزرا، پێیان دەوتین دامەزراندنی وێستگەی کارەبا لە چوارچێوەی دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی ناوەندییەو بە هیچ شێوەیەک هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی نییە وێستگەی کارەبای سەربەخۆی هەبێت؟

لەبیرتانە هەڕەشەیان لێ دەکردین ئەگەر وێستگەکەش دابمەزرێنین، سووتەمەنی کارپێکردنی وێستگەکەمان بۆ دابین ناکەن؟

لە بیرتانە ئەو کاتانەی پڕۆژەکانی دامەزراندنی وێستگەکانی کارەبا لەژێر واری جێبەجێکردندا بوون، هەندێک گاڵتەیان دەکرد بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەیاننووسی ئێمە کە کارەبامان نییە کەواتە وەزیری کارەبامان بۆچییە؟



لەبیرتانە کە یاسای نەوت و گازی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکرا، پێیان دەگوتین: نەوت و گازی هەرێمی کوردستان هێندە نییە کۆمپانیای گەورە وەبەرهێنانی تێدا بکات؟

لەبیرتانە دوای ئەوەی کۆمپانیا گەورەکانی وەک ئێکسۆن مۆبیل، شیڤرۆن و گاز پرۆم و چەندانی دیکە هاتنە کوردستان، هەڕەشەی لیستی ڕەشیان لێدەکردن؟

لەبیرتانە پێش ئەوەی بۆری هەناردەکردنی نەوتی کوردستان تەواو بێت، پێیان دەگووتین، با نەوتیش بەرهەم بێنن چۆن دەیفرۆشن و هەناردەی دەرەوەی دەکەن؟

لە بیرتانە دوای تەواو بوونی دوو بۆری هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، پێمان دەڵێن، نەوتەکەتان بەرێگەی سۆمۆ بفرۆشن نەک کۆمۆ؟


٢١٣


لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
















٧٦
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان





٢١٣

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق




هەولێرییەکان لەبیرتانە پێیان دەوتن (هەولێر کوێی پیرۆزە هەتا شەڕی براکوژی تێدا نەکرێت؟)

هەولێرییەکان لە بیرتانە سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی هەولێر بیرەکان بوو؟

لەبیرتانە شوێنی ئێستای پارکی شەهید سامی عەبدولرەحمان چی لێدەکرا و هەولێرییەکان لێی دەترسان؟

لەبیرتانە شوێنی ئێستای هەردوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەکەم، شوێنی سزا و لە سێدارەدانی لاوەکانی ئەم شارە بوو؟



٧٦
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

# لە هەولێر..
# پرۆژەکانی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە زمانی ژمارە

**٢١٣**

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
















کۆڵەگەی سەرەکیی ئابووریی و تاکە فاکتەری بەردەوام بوونی ڕەوڕەوەی ژیان بە کشتوکاڵەوە پەیوەستە، بۆیە بایەخدان بەم کەرتە گرنگە ئەرکی سەرشانی حکومەت و خودی میللەتە،ئەم بایەخەش هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆیاو زێدەبوونی دانیشتوان و پێداویستییەکان دێتە پێشەوە، پێشخستنی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بەندە بە پلان و بەرنامەیەکی داڕێژراو کە کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوەوە جێبەجێی دەکات،ئەو چالاکییانە چەندین بوار لەخۆ دەگرێت.



١- بەروبوومی کێڵگەیی لە پارێزگای هەولێر بەم شێوەیەیە: گەنم ٢٧٨٩٣٦ تەن و جۆ ٧١٦٨٨ تەن، بەسەدان تەنیش لە گەنمەشامی و نیسک و نۆک و گوڵەبەڕۆژە.

٢- بەروبوومی سەوزە لە پارێزگای هەولێر بەم شێوەیەیە: تەماتە ٥٢٠٧٤ تەن و پەتاتە ١٤٠٣٩تەن، بە هەزاران تەنیش لە پیاز و باینجان و کودی و خیارو سەوزەکانی دیکە.



## ٢١٣

### لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
### بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

**گەڕاندنەوەی خاک و سنووری راستەقینەی هەرێمی کوردستان لە رێگای مادەی (١٤٠) لە دەستووری عێراقدا، کە بریتییە لە سڕینەوەی ئاسەواری بە عەرەبکردن و راگواستنی زۆرەملێ لە سەرجەم ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەستەڵاتی هەرێم بە شاری کەرکووکیشەوە و گەڕاندنەوەیان بۆ سەر هەرێم بە رێگەیەکی ئاشتیانە و بە گوێرەی دەستووری عێراق.**

**وەبەرهێنانی سامانە سرووشتییەکانی کوردستان بە نەوت و گازەوە لە رێگەی جێبەجێکردنی ماددەکانی (١٤١,١١٢,١١١) لە دەستووری عێراق و دەرکردنی یاسای نەوت و گاز لە عێراقدا**



٣- بەروبوومی میوە لە پارێزگای هەولێر بەم شێوەیەیە:
هەنار ٥٤٩٧ تەن، ترێ ٣٣٦٥ تەن، سێو ٣٩٥٧ تەن، بە هەزاران تەنیش لە خۆخ و هەرمێ و هەنجیر و جۆرەکانی دیکە.
٤- بەروبوومی ئاژەڵداری لە پارێزگای هەولێر بەم شێوەیەیە:
گۆشتی مریشک ٢٧٠٠٠ تەن، هێلکە ٢٣٨ تەن، گۆشتی سوور ٩٥٨٩ تەن، شیر ٤٢٠٠ تەن، گۆشتی ماسی ٤٣٧ تەن.
٥- بەروبوومی هەنگوین لە پارێزگای هەولێر : ٢٥٨ تەن
٦- پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری لە پارێزگای هەولێر بەم شێوەیەیە:
٣٨٧ پرۆژەی پەلەوەری گۆشت، ١٧ پرۆژەی هەڵهێنەر، ٤ پرۆژەی سەربڕخانەی پەلەوەر، ٣ پرۆژەی مریشکی هێلکە، ١١ پرۆژەی کارگەی ئالیک، ١٥ پرۆژەی بەخێوکردنی مەڕوبزن، ٢٧پرۆژەی بەخێوکردنی مانگای شیر.





**٧- پرۆژەکانی ئاودێری و سەرچاوەکانی ئاو:**

لەسەردەمی کابینەی حەوتەمدا چەندین پرۆژەی بەنداو بەردی بناغە دانرا یان تەواوبوون و ژمارەیەکیش لە بواری جێبەجێ کردندان لەوانە:

- پرۆژەی بەنداوی گۆمەسپان(بەستۆڕە) بە بەهای ٤٢٠,٠٠٠،٢٩٣،٩٧ دینار) بە ماوەی ١٨٠٠ رۆژ تەواو دەکرێت،بەرزیی بەنداوەکە ٧٠ مەترەو لەجۆری RCC کۆنکریتییە و درێژییەکەی لەسەرەوە دەگاتە ٥٩٠ مەتر و بەرزیی لە ئاستی رووی دەریاوە ٨٧٤ مەترە، پانییەکەی ١٣ مەترە،هەروەها بەرزیی بەنداوەکە

له كاتی لافاو دەگاتە ٦٧١ مەتر، دوای تەواوبوونی پرۆژەكە لە توانایدایە ٧٥،٠٠٠،٠٠٠ كم٢ ئاو گل بداتەوە.

– لە پارێزگای هەولێر (٩) بەنداو دروست كراوە و دووانیان لەسەر ئەركی رێكخراوەكانی كۆریای باشوور و (٧) ی دیكەیان لە سەر ئەرك و بودجەی وەزارەتی دارایی حكومەتی هەرێم لەگەڵ (٥) بەنداوی دیكە ئەم (١٤) بەنداوە بچووكانەی پارێزگای هەولێر زیاتر لە ٢،٦٠٠،٠٠٠ مەتر سێجا ئاو كۆگا دەكات و تا ١٠٠٠ دۆنم زەوی ئاو دەدات.

– هەر لە پارێزگای هەولێر ئەم بەنداوانە بەم زوانە تەواودەكرێن: بەنداوی دێرانە، شیوەرەش، شیواشۆک، کۆدەرە، رەواندز، شەرغە، مەنداوە، باڵەییان، ئاقوبان، بانووی تاڵەبان، جەلی لە سماقوڵی گەلی، دێگەڵە، رەزگەدوین، حەمامۆک، شەوگێڕ، نازەنین، سارتک، کەژەک، چەمرگە.

– ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان لە بەرچاو گیراوە (١٠) بەنداوی بچووک لە پلاندایە دیزاین بكرێ و دواتر بخرێتە بواری جێبەجێكردن لە پارێزگای هەولێر، لەوانە (٥) دانەیان لە ژێر ئەنجامدانەو (٥) دانەی تر لە ناوچە جیاجاكانی تری پارێزگای هەولێر دیزاینی تەواو كراوەو بڕیار وایە بانگیشتی بۆ بكرێ سەرەڕای كاری بەردەوام لە (٥٠) دانە كە لە قۆناغی دیزایندایە.

**٢١٣**

**لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان**
**بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**بنیادنانی دەوڵەتێكی راستەقینەی هاوبەش لە نێوان سەرجەم پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەكان لە میانەی رەگاژۆكردن بەرفراوانكردنی پرەنسیپە نیشتمانییەكان و رێكخستنی پەیوەندی نێوان هەرێمی كوردستان و حكوومەتی فیدراڵی بە دەر لەهەر دەستەڵاتێكی ناوەندیی خۆسەپێنەر، ئەمەیش لە رێگەی بەدەستهاتنی سیستەمێكی فیدراڵی لە عێراقێكی دیموكراسی فرەمینبەردا**

**یاساكانی حكوومەتی فیدراڵ و بە تایبەتی یاساكانی، ئەنجوومەنی فیدراڵ، دادوەری فیدراڵ، یاسای دەزگاكانی ئەمنی، یاسای پارتە سیاسییەكان، چاودێریكردنی دامودەزگاكانی حكوومەت و بانكی نیشتمانی، ئەو یاسایانەی سەرەوە زامنكردنی بنەماكانی عێراقێكی دروست و فیدراڵیەتێكی راستەقینەیە**

٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا

# پارێزگای هەولێر دەبێتە خاوەنی چەندین وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا



٢٤٣

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

















بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر ساڵانە بەپێی ئەو خشتەیەی ئامادەی دەکات چ لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر یاخود لەسەر بودجەی ئاسایی وەزارەتی کارەبا بێت چەندین پرۆژەو کارو خزمەتگوزاری لەسنووری پارێزگای هەولێر جێبەجێ کردووە، ئەمڕۆ لەتەواویی پارێزگای هەولێر بەبێ جیاوازی و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە کارەبای نیشتمانی گەیەنراوەتە سەرجەم ناوچەو قەزاو ناحیەو گوندو گەڕەکەکان، لەبواری کەمکردنەوەی ڕۆتین و باشتر بەڕێوەچوونی مامەڵەکانی هاووڵاتیان چەندین بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەباو فەرمانگەو بەش و هۆبەی نوێی کارەبا لەناو سەنتەری شارو قەزاو ناحیەکانی پارێزگای هەولێر کراونەتەوەو لەهەیکەلی وەزارەتدا دانران.





لێـــرەدا گرنگترین ئەو کارو پرۆژانە ئاماژە پێدەدەین کە وەزارەتی کارەباو بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر بەهەماهەنگـــی لەگەڵ پارێـــزگای هەولێر جێبەجێیان کردووە:

١. بۆ یەکەمین جـــار لەمێژووی پارێـــزگادا؛ هەولێر بووە خاوەنی وێســـتگەیەکی ١٥٠٠ مێگاواتی کارەباو ئێستا چەند وێستگەیەکی دیکە لە خەبات و خۆرمەڵەو هەریـــر لەقۆناغـــی جێبەجێکردندان، ئەمـــە جگە لە بەگەڕخستنەوەی وێستگەی ٢٩ مێگاواتی.

٢. لە ٢٠١٢/٧/٥ لەوێســـتگەی غازی هەولێر بەردی بناغەی یەکەم پرۆژەی کۆمباین ســـایکڵ لەمێژووی عێراق و کوردستان دانرا.

٣. لە ٢٠١٠/٢/٦ تۆڕی دابەشکردنی کارەبای دهۆك بەســـترایەوە بەتۆڕی دابەشـــکردنی کارەبای هەولێرەوە بەمەش هەرێم بووە خاوەنی یەك تۆڕی سەرتاسەری.

٤. کێشـــەی ١٥ ساڵەی ڤۆڵتیەی کارەبای ناوچەکانی سۆران چارەسەر کرا.

٥. لەسەر راسپاردەی سەرۆکی هەرێم کارەبا گەیەنرایە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، بۆ ئەم مەبەستە لەمانگی حوزەیرانی ٢٠١١ کارەبا بە پارێزگای کەرکوك دراو لـــە ١٥/ ٨/ ٢٠١٢ کارەبا بەدوز خورماتوو دراو لە ٢٠١٢/٦/٢ بـــڕی ٥٠ مێـــگاوات کارەبا بە پارێزگای موســـڵ دراو لە ٢٠١٢/١٢/٢٤ بەتێچوونی ١٤ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دینار کارەبا گەیەنرایە مەخمور و دەوروبەری و ئێستا ئەو قەزایە و ١٥٢ گوندی کارەبای نیشتمانیان هەیە، هەروەها ماوەکانی پێدانـــی کارەبای خانەقین و شێخانیش زیاد کرا.

٦. ئەو گوندانەی لەپارێزگای هەولێر کارەبای نیشتمانیان پێدراوە ژمارەیان دەگاتە ١١١٥ گوندو چەندین گوندی

